# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی رەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (١٥٦)   ساڵی دوازدەم   ٧/ شوبات /٢٠١٣ زاینیی   ١٨/ رێبەندان / ٢٧١٢کوردی   ٢٦/ ربیعی یەکەم / ١٤٣٤کۆچی

لەم ژمارەیەدا :

156

بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٣ سەرۆکایەتی هەرێم — ل ١
گەڕاندنەوەی یاسای زانکۆ تایبەتیەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١٢ بۆ پەرلەمانی کوردستان .

فەرمانی هەرێمی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٣ — ل ٣
تایبەت بە دامەزراندنی بەڕێز ( ظیاء بطرس صلیوا ) بە سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان - عێراق .

بڕیاری ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١٢ پەرلەمانی کوردستان — ل ٤
پەسەندکردنی ژمێرەی کۆتایی حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق بۆساڵی دارایی ٢٠١١

بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٣ وەزارەتی داد — ل ٥

بەیانی ژمارە (١ - ٢ - ٣ - ٤ - ٥ - ٦ - ٧)ی ساڵی ٢٠١٣ وەزارتی تەندروستی — ل ٥

بەیانی ژمارە (١ - ٢-٣)ی ساڵی ٢٠١٣ وەزارەتی دارایی و ئابووری — ل ٨

بەیانی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٢ و ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٣ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەلایەتی — ل ٩

بەیانی ژمارە (١ - ٢ - ٣ - ٤)ی ساڵی ٢٠١٣ وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی — ل ١٠

ناونیشان: هەولێر-چوار ڕیانی فرنسۆ میتران باڵەخانەی وەزارەتی داد . .
☎ (٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٢٤٥٥٠٩-٢٦٤٨٩٨٩- ٢٢٤٥٥٠٨)

http//:www.mojkurdistan.com
E-mail:rwk@mojkurdistan.com

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (١٥٦) السنة الثانية عشرة ٧ / شوبات / ٢٠١٣ميلادي ١٨/ ربيه‌ندان / ٢٧١٢كوردي ٢٦/ ربيع الاول/١٤٣٤هجري


في هذا العدد:

156


قرار رقم (١٨) لسنة ٢٠١٢ برلمان كوردستان - العراق ص ١٢

تصديق الحساب الختامي لحكومة اقليم كوردستان- العراق للسنة المالية٢٠١١.


فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط


قرار رقم (١) لسنة ٢٠١٣ رئاسة اقليم كوردستان - العراق ص ١

مرسوم اقليمي رقم (٦) لسنة ٢٠١٣ رئاسة اقليم كوردستان - العراق ص ٣

بيان رقم (١) لسنة ٢٠١٣ وزارة العدل ص ٥

بيان رقم (١-٢-٣-٤-٥-٦-٧) لسنة ٢٠١٣ وزارة الصحة ص ٥

بيان (١-٢-٣) لسنة ٢٠١٣ وزارة المالية و الاقتصاد ص ٨

بيان رقم (٧) لسنة ٢٠١٢ بيان رقم (١)لسنة ٢٠١٣ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية ص ٩

بيان رقم (١- ٢ - ٣- ٤) لسنة ٢٠١٣ وزارة الاوقاف والشؤون الدينية ص ١٠



No.:156 Date: February, 7, 2013 Vol.: 12



العنوان : اربيل-تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل

(٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

http//:www.mojkurdistan.com

E-mail:rwk@mojkurdistan.com



السعر ٧٥٠ دينار

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان**
**ژمارە : د - ٦٠**
**رێکەوتی : ٣٠ / ١ / ٢٠١٣**

## بڕیار
## ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٣

**بە پێی ماددەی ( دەیەم / یەکەم - ٢ ) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو بڕیارماندا یاسای زانکۆ تایبەتییەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١٢ ، کە پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی خۆی ژمارە (٣٠) لە ٢٠١٢/١٢/٢٦ پەسندی کردووە و بە نوسراوی ژمارە ١٧٤/٣/٤ لە ٢٠١٣/١/١٣ ناردویەتی بۆ ئێمە ، رەتبکەینەوە. بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی ئەو دوو ماددەیەی لای خوارەوە دێن بگۆڕێت بەجۆریك بەرژەوەندی گشتی نیشتمانی و پاراستنی ئاستی بەرزی زانکۆکان بپارێزرێت لە کوردستاندا بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**یەکەم:**

**ماددەی / هەشتەم/ یەکەم/ روون نییە و دەبێتە هۆکاری کێشە لەنێوان خوێندکار و زانکۆ تایبەتیەکان لەکاتی وەرگرتنی خوێندکاری پەیمانگە و ئامادەییە پیشەییەکان چونکە دەستەواژەی "نزیك - مقارب" زۆر ئەستەمە پێناسە بکرێت لەو شوێنەدا کە دەڵێت**

**( بەمەرجێك وەرگرتنی دەرچووی پەیمانگە یان ئامادەیی پیشەیی تەنها کورتبکرێتەوە سەر ئەو کولێژانەی خوێندن تیایاندا <u>نزیکە لە</u> پرۆگرامی خوێندنی پەیمانگە یان ئامادەییە پیشەییەکە- علي ان يقتصر قبول خريج المعهد او الاعدادية المهنية في الكليات <u>المقاربة</u> في دراستها مع المنهج الدراسي للمعهد او الاعدادية المهنية )**

**بۆیە داوا دەکەین ( ماددەی هەشتەم / یەکەم ) بگۆردرێت و بەم شێوەیە بخویندرێتەوە .**

**بە کوردی :**

( پێویستە لەسەر ئەوەی دەیەوێت پێشکەشی خوێندن بکات لەزانکۆ تایبەتیەکان هەڵگری بڕوانامەی خوێندنی ئامادەیی یان پیشەیی یان پەیمانگە بێت بەگوێرەی پسپۆری بەمەرجێك وەرگرتنی دەرچووی پەیمانگە یان ئامادەیی پیشەیی تەنها کورتبکرێتەوە سەر ئەو کۆلێژانەی خوێندن تیایاندا هاوتای پڕۆگرامی خوێندنی پەیمانگە یان ئامادەییە پیشەییەکەییە بەگوێرەی ئەو رێنماییانەی وەزارەت دەریان دەکات ) .

**بە عەرەبی :**

( يشترط في الراغب في التقديم للدراسة في الجامعات الخاصة ان يكون حاصلا على شهادة الدراسة الاعدادية او المهنية او المعهد حسب الاختصاص على ان يقتصر قبول خريج المعهد او الاعدادية المهنية في الكليات الـمماثلة في دراستها مع المنهج الدراسي للمعهد او الاعدادية المهنية وفقا للتعليمات التى تصدرها الوزارة ) .

**دووەم :**

بۆ ئەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ، و لە رێگای ئەوەوە حکومەتی کوردستان ، بتوانێت ژمارە و جۆری پسپۆرییەکان ، کە پێویستن لە هەر بوارێکی ژیاندا لە ساڵانی داهاتوودا لە وولات ، دابین بکات بە گوێرەی پلانێکی زانستی لە لایەکەوەو و سەرپەرشتیاری تێکڕای پلانی وەرگرتنی ساڵانەی گشت خوێندنی باڵا بێت ورێگا نەدات هەر زانکۆیەك بە گوێرەی بەرژەوەندی مادی خۆی ژمارەی وەرگرتوان بۆ خۆی دیاری بکات داوا دەکەین ماددەی ((دەیەم / یەکەم )) بگۆردرێت و بەم جۆرە بخوێندرێتەوە .

**بە کوردی :**

( پلانی وەرگرتنی ساڵانە بۆ پەسەندکردنی )

**بە عەرەبی :**

( خطة القبول السنوى للمصادقة عليها )

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق**

**هەولێر :-**
٢٠/١/٢٠١٣

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان**
**ژمارە : د - ٣٥**
**رێکەوتی : ٢٠ / ١ / ٢٠١٣**

## فەرمانی هەرێمی
## ژمارە ( ٦ )ی ساڵی ٢٠١٣

بەپێی ماددەی پێنجەم / دووەم لەیاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٤) ساڵی ٢٠١٠ و بڕیاری پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١٧) ساڵی ٢٠١٢ دەربارەی پەسەندکردنی پاڵاوتنی بەڕێز ( ظیاء بطرس صلیوا ) لە دانیشتنی ژمارە (٣٠) لە ٢٠١٢/١٢/١٧ بڕیارماندا بە :-

١- دامەزراندنی بەرێز ( ظیاء بطرس صلیوا ) بە سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لەهەرێمی کوردستان- عێراق .

٢- ئەم فەرمانە لەڕۆژی دەرچوونیەوە جێبە جێ دەکرێت .

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق**

**هەولێر :-**
**٢٠١٣ /١/١٢**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

## بــڕیــار
**ژمارە ( ١٨ )ی ساڵی ٢٠١٢**

پاڵپشت بە حوکمەکانی بڕگە (٥)ی ماددە (٥٦)ی یاسای ژمارە ( ١ )ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو ، و بڕگە (١٣) ی ماددە (١٧) ی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ، ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو ، پەرلەمانی کوردستان - عێراق ، لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٣٣)ی گرێدراو لەڕێکەوتی٢٤ / ١٢ / ٢٠١٢یدا بڕیاری ئەمەی خوارەوەیدا :-

**یەکەم :** پەسەندکردنی ژمێرەی کۆتایی حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق بۆ ساڵی دارایی ٢٠١١ .

**دووەم :** ئیقرارکردنی ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری دارایی و ئابوری پەرلەمانی کوردستان - عێراق .

**سێیەم:** پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەوەی پێویستە دەربارەی ئەوەی لە بڕگە (دووەم) ی سەرەوە هاتووە ، بگرنەبەر .

**چوارەم:** ئەم بڕیارە لەڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان )دا بڵاودەکرێتەوە .

**د. ارسلان بایز اسماعیل**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

**وەزارەتی داد**

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ( ماددەی نۆیەم / بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی (٢٠٠٧) ، بڕیارماندا بە :-

- کردنەوەی فەرمانگەی دادنووسی لە قەزای قەرەداخ .

**شێـروان حـەیـدەری**
**وەزیـــری داد**

---

**وەزارتی تەندروستی**

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا بە : -

- کردنەوەی ( هۆبەی چاودێری تەندروستی ) لە مەڵبەندی تەندورستی کانی کوردە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە رێکەوتی ٢٠١٣/١/١٣.

**د. ڕێکەوت حمە رشید**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارتی تەندروستی**

## بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٣

بەپێی ئەو دەسەلاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بریارماندا بە : -

- کردنەوەی ( هۆبەی دەروونی ) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە رێکەوتی ٢٠١٣/١/١٣ .

## بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٣

بەپێی ئەو دەسەلاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بریارماندا بە : -

- گۆرینی ( نەخۆشخانەی گشتی زاخۆ ) بۆ ( نەخۆشخانەی فریاکەوتنی زاخۆ ) لە قەزای زاخۆ سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە رێکەوتی ٢٠/١/ ٢٠١٣ .

## بەیانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٣

بەپێی ئەو دەسەلاتەی پێماندراوە لە ( ماددەی شەشەم/ بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بریارماندا بە :-

- گۆرینی ( یەکەی داهات ، پەرەپێدان ، خەرجی یەکان ، بودجە ، پلان ) بۆ ( هۆبەی داهات ، پەرەپێدان ، خەرجی یەکان ، بودجە ، پلان ) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە رێکەوتی ٢٠١٣/١/٢٠ .

**د. رێکەوت حمە رشید**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارتی تەندروستی**

**بەیانی ژمارە ( ٥ )ی ساڵی ٢٠١٣**

بەپێی ئەو دەسەلاٚتەی پێماندراوە لە ( ماددەی شەشەم/ بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بریارماندا بە :-

- کردنەوەی ( بەشی ڕاهێنانی ئەندازە ) کە پێك هاتووە لەم هۆبانەی خوارەوە لە بەڕێوەبەرایەتی ئەندازە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان لە دیوانی وەزارەتی تەندروستی .

١- هۆبەی ڕاهینانی ئامێری پزیشکی .

٢- هۆبەی ڕاهینانی ئامێری خزمەتگوزاری .

- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە رێکەوتی ٢٠١٣/١/٢٠ .

**بەیانی ژمارە ( ٦ )ی ساڵی ٢٠١٣**

بەپێی ئەو دەسەلاٚتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بریارماندا بە : -

- کردنەوەی ( بنکەی تەندروستی مۆکەبە ) لە گوندی مۆکەبە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی

- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە رێکەوتی ٢٠١٣/١/٢٠.

**بەیانی ژمارە ( ٧ )ی ساڵی ٢٠١٣**

بەپێی ئەو دەسەلاٚتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بریارماندا بە : -

- کردنەوەی ( هۆبەی پەیوەندیەکان ) و ( هۆبەی کاروباری هونەری ) لە بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵ کردنی هێنان و دروستکردنی دەرمان و ئامێر و پێداویستی پزیشکی لە کوردستان سەر بە نوسینگەی وەزیر .

- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە رێکەوتی ٢٠١٣/١/٢٠ .

**د. ڕێکەوت حمە رشید**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی داریی و ئابووری**

## بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٣

بەپێی ئەو دەسەلاٚتەی پێماندراوە لە ( ماددەی حەڤدەم / برگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٠ وە بریارماندا بە :-

- کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری سۆران سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری .

## بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٣

بەپێی ئەو دەسەلاٚتەی پێماندراوە لە ( ماددەی حەڤدەم / برگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٠ وە بریارماندا بە :-

- کردنەوەی بەشی راوێژکاری سەرپەرشتی هونەری و ئەندازەیی لە دیوانی وەزارەت .

## بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٣

بەپێی ئەو دەسەلاٚتەی پێماندراوە لە ( ماددەی حەڤدەم / برگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٠ وە بریارماندا بە :-

- گۆڕینی ناوی نوسینگەی بەردەرەش بۆ لقی بانکی خانووبەرەی بەردەرەش سەر بە بەرێوەبەرایەتی بانکە پسپۆرییەکان
- لە رێکەوتی دەرچوونی ئەم بەیانە رێکەوتی ٢٠١٣/٢/٤ .

**بایز سعید محمد**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەلایەتی

## بەیان ژمارە ( ٧ )ی ساڵی ٢٠١٢

بــە پێــی ئــەو دەســەڵاتەی پێمانــدراوە لــە مــاددەی (٧) بڕگــەی (٢)ی یاســای وەزارەتــی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٧) بڕیارماندا بە:-

١- یەکخستنەوەی هەیکەلیەتی ئیدارەی بەڕێوبەرایەتیە گشتیەکانی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەلایەتی هەر سێ پارێزگا و ئیدارەی گەرمیان .

٢- گۆڕینی نــاوی بەڕێوەبەرایــەتی گەشــەپێدانی کۆمەلایــەتی بــۆ بەڕێوەبەرایــەتی تــۆری پاراستنی کۆمەلایەتی لە شارەکان ، هەروەها گواستنەوەی مووچەی کەم ئەندامان بۆ سەر ئەم بەڕێوبەرایەتیە کەئەرکەکەی دەبێتە مووچەی چاودێری خێزان و مووچەی کەم ئەندامان و بیمەی بێکاری .

٣- گۆڕینی ناوی بەڕێوەبەرایەتی چاودێری تایبەت لە ( دهۆك- هەولێر ) بۆ بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەلایەتی لەپارێزگاکانی هەرێم .

٤- سەنتەرەکانی منداڵان و شەلتەرەکانی داڵدەدانی ئافرەتان لەسەر میلاکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی پارێزگاکانی هەرێم دەبێت

٥- گۆڕینی ناوی سەنتەری برایل لە ( سلێمانی ) بۆ سەنتەری ڕۆشنا بۆ فێرکردنی کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت بۆنابینایان .

٦- ئەم بەیانە جێ بەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونی ڕێکەوتی ٢٠١٢/١٢/٣٠ .

---

## بەیانی ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ٢٠١٣

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ( ماددەی حەوتەم/ بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ وە بریارماندا بە :-

- هێنانەکایەی ( استحداث )ی شەڵتەری داڵدەدانی ئافرەتانی هەرەشەلێکراو کە سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشــەپێدانی کۆمەڵایــەتی گــەرمیان دەبێــت بــە مەبەستی زیاتر خزمەت گەیاندن بەو ئافرەتانەی کە رۆژانەدووچاری توندوتیژی دەبنەوە
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە رێکەوتی ٢٠١٣/١/٢٩ .

**ئاسۆس نجيب عبدالله**

**وەزیری کارو کاروباری کۆمەلایەتی**

**وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی**

## بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٣

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی شەشەم برگەی دووەم لەیاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٠٧، بڕیارماندا :-

١- کردنەوەی بەرێوبەرایەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی شارۆچکەی مەخمور لەسنوری بەڕێوبەرایەتی گشتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی شاری هەولێر .

٢- هەڵوەشانەوەی تێبینەرایەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی مەخمور .

٣- ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لەڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠١٣/١/٨ .

## بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٣

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی شەشەم برگەی دووەم لەیاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٠٧، بڕیارماندا :-

١- کردنەوەی هۆبەکانی ( خوێندنی ئیسلامی / ئەندازە /موڵکەکان ) لەبەڕێوەبەرایەتیەکانی ئەوقافی ( سلێمانی و گەرمیان و ڕاپەرین و شارەزوور ) .

٢- ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لەڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠١٣/١/١٦.

**کامل حاجی علی**
**وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی**

**وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی**

## بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٣

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی شەشەم بڕگەی دووەم لەیاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٠٧، بڕیارماندا :-

١- پەسەندکردنی پەیکەری نوێ ی ڕێکخستنی پەیمانگای زانستە ئیسلامیەکانی (هەولێر /سلێمانی / دهۆك / ئاکری) کە وێنەیەکی هاوپێچە.

٢- ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لەڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠١٣/٢/١.

## بەیانی ژمارە (٤) ساڵی ٢٠١٣

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی شەشەم بڕگەی دووەم لەیاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٠٧، بڕیارماندا :-

١- کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی شارۆچکەی بەردەرەش لە سنوری بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی پارێزگای دهۆك .

٢- هەڵوەشاندنەوەی تێبینەرایەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بەردەرەش٠

٣- ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لەڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠١٣ /١/٢١ .

**کامل حاجی علی**

**وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی**

بسم الله الرحمن الرحيم

**بأسم الشعب**
**برلمان كوردستان - العراق**

**قرار رقم (١٨) لسنة ٢٠١٢**

استناداً لأحكام الفقرة (٥) من المادة ( ٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل والفقرة (١٣) من المادة (١٧) من النظام الداخلي للبرلمان رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل قرر برلمان كوردستان - العراق بجلسته المرقمة (٣٣) المنعقدة بتأريخ ٢٠١٢/١٢/٢٤ الاتى:

**اولاً:** تصديق الحساب الختامي لحكومة اقليم كوردستان-العراق للسنة المالية٢٠١١.

**ثانياً:** اقرار تقرير لجنة الشؤون المالية و الاقتصاد لبرلمان كوردستان - العراق .

**ثالثاً:** على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة اتخاذ مايلزم بشأن ماجاء في الفقرة (ثانياً) اعلاه .

**رابعاً:** ينشر هذا القرار في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان) .

**د. ارسلان بايز اسماعيل**
**رئيس برلمان كوردستان-العراق**